سودانی پێشوازی کرد لە خێزانی کارمەندی فریاگوزاری ئەمەریکی کایلا مولەر کە لەلایەن داعشەوە کوژرا

لە پەراوێزی سەردانە فەرمییەکەیدا بۆ ئەمەریکا، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی کرد لە خێزانی کایلا مولەر هاوڵاتی ئەمەریکی کە لە ساڵی 2013 لەلایەن چەتە تیرۆریستییەکانی داعشەوە ڕفێندرا لە شاری حەلەبی سوریا لە کاتی کارکردنیدا لە بواری پێشکەشکردنی فریاگوزاری مرۆیی و ساڵی 2015 کوژرا.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران بڵاویکردەوە:- بنەماڵەی قوربانییەکە نامەیەکیان ئاراستەی سودانی کرد و داوایان لە حکومەتی عێراق کرد یارمەتییان بدات لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەیەک بۆ گەیشتن بە هۆی وەفاتی کچەکەیان و گێڕانەوەی بۆ نیشتیمانی خۆی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، بەو پێیەی عێراق ئەمڕۆ ئەزموونێکی گەورەی هەیە لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و زانیاری دەربارەی گرووپە تیرۆریستییەکان و پاشماوەکانی چەتەکانی داعش.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هاوسۆزی قووڵی خۆی بۆ بنەماڵەی قوربانییەکان دەربڕی و جەختی لەوە کردەوە کە دەزگا ئەمنییەکان دەست بە لێکۆڵینەوە دەکەن بۆ بەدەستهێنانی هەر زانیارییەک بۆ ئەوەی

بتوانین □ووفاتی قوربانیی□ک□ د□ستنیشان بک□ین.

سودانی ئاماژ□ی ب□و□شکرد، ک□ تیر□ر ه□موو ع□راقیی□کانی کردوو□ت□ ئامانج ب□ب□ ئ□و□ی ئایین و □□گ□ز و ن□ژاد ب□د□ر بکات و ئ□و□ خو□نی قوربانیی□کان□ ک□ ل□ ک□تاییدا س□رد□ک□ون، چونک□ تیر□ر ل□ ع□راق ب□و قوربانی و ئ□و خو□ن□ی ک□ ل□لای□ن □□□□کانیی□و□ درا ت□کشک□نرا.